بانگەوازێک بۆ ڕای گشتی جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەموو خاوەن ویژدانێکی زیندو

یادی تێپەڕبونی 17 ساڵ بە سەرڕودانی تراژیدیایەکی قێزەوەنی سەدەی بیستەم !
ئەی مرۆڤ دوستان و ئازادی خوازانی دونیا
ئەمڕۆ گەلی کورد لە هەموو گۆشەیەکی ئەم دونیایەدا یادی کارەساتێکی هێندە دڵتەزێن دەکاتەوە کە مرۆڤ ناتوانێ بە ئاسانی تەنانەت بیگێڕێتەوە ، بەر لە 17 ساڵ و لە 16 /3 / 1988 لە بەرەبەیانێکی بەهاردا کە تەنها 5 ڕۆژی مابو بۆ هاتنی ساڵی نوێی کوردی و ڕۆڵەکانی ئێمەش وەک هەمو مرۆڤێکی سەر ئەم دونیایە خەریکی خۆ ئامادەکردن بون و ژن و پیاو گەنج و پیر و گەورە و بچوکمان وەک ئێوە بە دڵێکی پڕ هیواوە لە پێشوازی ساڵی نوێدا وەستابوین .
ئا لەم ڕۆژەدا فرۆکەکانی عێراق و بە بریاری علی حەسەن مەجید ناسراو بە ( عەلی کیمیاوی ) لە جیاتی بەخشانەوەی دیاری و جەژنانە بە سەر شاری هەڵەبجەدا ، بێ بەزەییانە و بێ گوێ دانە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی و بە بەر چاوی دونیای کەڕ و لاڵی ئەوکاتە کەوتنە کیمیا باران کردنی ئەم شارە و بو بە مایەی شەهید کردنی پتر لە 5000 مرۆڤی کورد لە منداڵی نێو لانکەوە تا پێری پشت کۆماوە و بریندار بونی زیاد لە 7000 کەسی تر و ئاوارەبونی دەیان خێزان ، ئەم تاوانە دژە مرۆڤایەتیە وای لە کورد کرد کە بە ( هەڵەبشیمای کوردستان ) ی ناوببات چونکە هیچی لە هێرۆشیما و ناکازاکی کەم تر نەبوو .
ئێمە هاتوین بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە ئەم یادە دەکەینە و داوامان لێتان ئەوەیە ئێوەش بفەرمون دەنگەکانتان بخەنە پاڵ دەنگەکانی ئێمەو تێکەڵاوی ئازارەکانمان بن تا پێکەوە نەفرەت لە ئەنجام دەرانی ئەو کارەساتە و هەموو کارەساتێکی تری دژە مرۆڤایەتی بکەین و پێکەوە کار بۆ وەدیهێنانی جیهانێکی دیمکرات و ئاشتی و بێ دیکتاتۆر بکەین .
لە پاش تێپەڕبونی 17 ساڵ بە سەر ئەم تاوانە بێ وێنەیەدا و لە سایەی سەردەمی جیهانگیری و مافی مرۆڤ و یەکسانیدا داواتان لێ دەکەین

1 / دەنگتان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە و خانەوادە و کەسوکاری قوبانیانی هەڵەبجە و هەموو کەم ئەندامانی دەستی ئەم کیمیاباران کردنە و نەتەوەی کورد بۆ دادگایی کردنی ئەنجام دەرانی ئەم تاوەنە گەورەیە لە شاری هەڵەبجە تا لەویدا و بە بەر چاوی خەڵکەوە سزای یاساییانەی خۆیان وەربگرن .
2 / داوا لە پەرلەمان و حکومەتەکەتان دەکەین کار بۆ گەیاندنی ئەم تراژیدیایە بە یەکێتی ئەوروپا بکەن و وا بکەن کە بکرێ بە ڕۆژێکی جیهانی و بخرێتە ڕیزی کارەساتەکانی هێرۆشیما و ناکازاکی و هەمو ساڵێک یاد بکرێتەوە .
3 / داوا لە حکومەت و پەرلەمانی فینلەندا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کە وەکو زۆر لە کاربەدەست و پەرلەمەنتارانی وڵاتانی تر ئێوەش سەردانی شاری هەڵبجە بکەن تا لە نزیکەوە چاوتان بەو شارە و گلکۆی شەهیدانی ئەو شارە بکەوێت .
4 / داواتان لێ دەکەین کە هاوکاری گەلی کورد بکەن و ڕێگربن لە بەردەم دوبارە بونەوەی ئەم کارەساتە لە جێگایەکی گۆی ئەم زەمینە
5 / داواتان لێ دەکەین کە هاوکاری و کۆمەکمان بکەن بۆ لە نوێ دروست کردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی ئەم شارە کیمیا باران کراوە .
6 / داواتان لێ دەکەین کە پشتیوانمان بن لە چەسپاندنی سیستەمی فیدرالی لە کوردستان ، کە دەبێ بە فاکتەرێکی بە هێز بۆ چەسپاندنی دیمکراسی و ئازادی و یەکسانی لە وڵاتەکەماندا .

بۆ پێشەوە بەرەو بنیات نانی جیهانێکی بێ شەڕ و بێ کۆیلەیی

کۆمیتەی هاوکاری ڕیکخراوە کوردستانیەکان / فینلەند

پارتی دیمکراتی کوردستانی عێراق
یەکیتی نیشتیمانی کوردستان
حیزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەکێشانی کوردستانی ئێران
حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق
یەکێتی دیمکراتی پارتی کوردی سوریا